# گوناهی خۆبەخۆ

## ڕەزا فرووغی

ڕەزا فرووغـی، لـە شـاری مەهاباد، ساڵی ١٩٧٧ لەدایکبووە. کارناسـییی ئەندازیاریـی تـەواو کـردووە. چەنـد پەڕتووکێکـی ئامـادەی چاپـن، لـە بوارەکانـی شـیعر و چیـرۆک. چەنـد وتـار و لێکۆڵینەوەیشـی بڵاوکردووەتـەوە. بەشـداربووە لـە دەرکردنـی گۆڤـاری ئەلیکترۆنییـی «هێـرۆ». ڕەزا فروغـی، بـراوەی فێسـتیڤاڵی چیرۆکـی تەنـزی هاژەیـە.

خوێنەری بەڕێز، هێستا، کە ئەم دەقە دەخوێنیەوە، دەیانهەوێت بمکوژن! ئەوەی، کە بۆ دەمکوژن لە گێڕانەوەی ئەوەندە شەرمەسارم، کە پێم وانیە زانینی بەکەلکت بێ! بەڵام لە بەرگی پزیشکی دادگە نووسرابوو: (ئاگاداریی تایبەت) وەک بزانم، ئەمڕۆ هەوا هەور بوو، گزنگی خۆر لەلای چەپی پەنجەرەی هۆدەکەم نەهاتە ژووریێ، ڕەنگە هەوریش نەبووبێ و لە پشت پەنجەرە بە هۆی ئەو پەردەیەی تازە هەڵیانواسیوە، وا هەست دەکەم، هەر چەند دەست و چاوم بەستراون، بەڵام لەم چوارسەت و چل و چوار شەوەی لێرەدام، هەمیشە بە تینی تیرێژ لە خەو هەڵدەستم و دوای ژماردن تا ژمارەی ٤٨،٠٠٠ زۆرتر، یان کەمتر، چێشتم بۆدەهێنن و بە زارمەوەی دەکەن و دوای ٣،٢١٠ پیاسە، زۆرتر، یان کەمتر، لەم هۆدە سێ بە چوارە، زەردە تۆخە، فێنکاییەک لە پەنجەرە دێتە ژووریێ و بەر ڕوومەتم دەکەوێ و چێشتی شەوم دەدەنێ، لەم ماوەیە، ڕۆژێ جارێک دەرگەی هۆدە ئاوەڵا دەبێ و من دەبەن بۆ مەبال، کە مەودای لە هۆدەکەم ٢٢ هەنگاوە و شایەنی خانوویکی ئاوا گەورە نیێ و زۆر چووکەیە و دانیشتنی خۆش نییە. شەو دوای گەییشتن بە ژمارەی١،٦٦١زۆرتر، یان کەمتر، دەنگی پیاسەی پشت دەرگە کۆتایی پێدێ و دەزانم، کە کەس لەپشت دەرگە نەماوە، یاکوو ماوە و من گوێم لە هەنگاوی نابێ، ئەمجار بە هێواشیی خەریکی کردنەوەی گوریسەکان لە دەستان و چاوبەست لە چاوان دەبم، لە دوای سێ، یان چوار شەو، توانیم هەردووکیان بکەمەوە و بەڕۆژ دەیان بەستمەوە! دەچم بۆلای پەنجەرەی دیوارەکە و چاو لە حەوشی ئەم ماڵە و ئاسمان دەکەم، پەنجەرەکە ٥٠ سانت بە ٥٠ سانت پێوەریەتی و لە تەختی هۆدەکە ٧٠/١ ، یان ٨٠/١ سانت بەرزە و بە ئاسانیی مرۆڤێکی وەک من ٨٧/١ سانتی و ٧٢ کیلۆیی تێوەی دەچێ، هیچ مەیلێکی نییە و هەردوو لاجامی دەکرێتەوە، بە گریمانە ئەو تاکەکەسییەی من تێیدا زیندانییم دەگەڵ دەرکی حەوش ٢٥ میتر کەمتر، یان زۆرتر مەودایەتی و دەوری حەوش دیوارێکە بە بەرزایی ٢ میتر زۆرتر، یان کەمتر و دەیان جار لە دیواری وەک وەی وەسەر کەوتووم، بەڵام بێ پێپلیکانێکی وەک بن ئەو دیوارەش لێی نەهاتوومە خواریێ، ئێستا، کە ٥٤ساڵمەوە و ئاڵترۆزی چۆکم هەیە، هەر لەخۆ ڕانابینم. دەورەی ئەم دیوارە گڵە پێم وابێ، هەتا چاو کار دەکا، سارا بێت و لە دوورەوە شاخێکی لێدیارە، کە خۆر لە پشت وێوە هەڵدێ... ڕەنگە لەم سارایەدا، نێوان دیوار، تا دەگاتە شاخ، قاقڕستان بێت و هیچ کانییەکی لێنەبێ و سەتان کەس، یان بوونەوەر تێیدا مردبێتن، یان بە هۆی قاتیی و قڕیی یەکتریان خواردبێت! دوو ڕۆژ بوو ژەمی شەوانەم کەم ببۆوە و منیش، کە هەویستم بەندییەکی خۆش ڕەفتار بم، تا برسییەتیم نەدەنێ، هیچم نەوت و هەر شووکرانە بژێرییم کرد و لەم دوو شەوە، بۆ ئەوەی شکم لێنەکەن، دەستوچاوم هەر نەکردەوە، پێم وابێت زانیبوویان من هەر شەو دەچمە پێش پەنجەرە و هەوایەک هەڵدەمیسم. بۆیە پەردەیەکیان پێهەڵاوەسیبێ، یان بۆ ئەوەی بەیانان خۆر ئازارم نەدات، ئەم کارەیان کردبێت.

هەڵبەت لەم دوو ڕۆژە، کاتێک ژمارەکان، یان هەنگاوەکانم دەبژار، دەنگم نزمتر و هەنگاوم نەرمتر کردبوو، نەکا ببم بە هۆی ئازاری گوێ پاسەوان، یان پاسەوانەکان! هەر هێستا دەستێک مەچەکی دەستی گرتووم و بە دەستەکەی دی، لەسەر پشتم پاڵم دەدا بۆ پێشێ و دوای تێپەڕین لە دالانی ٢٨ هەنگاوی ماڵەکە، ئەوە دەمبا بۆ ناوەندی حەوشەکە، تەواوی ناخم پڕە لە ترس و پەشیمانیی، لاقانم هێزی ڕۆییشتنیان نەماوە و تەنیا دەنگێک لەناو سەرم دووپاتە دەبێتەوە:
(تامی مردن خۆشە!؟ تامی مردن خۆشە!؟
تامی مردن خۆشە!؟ تامی مردن خۆشە!؟)
بە دەنگێکی نزم لە کابرای زێندین، کە ئەو چەند ماوەیەی سەروچاوی خۆی واداپۆشیبوو، کە بێجگە لە لێوی قلێشاو و چاوی زیتی، چم نەدەدیت، دەپرسم:
برای بەڕێز دەتانهەوێ بمکوژن؟
کابرا زۆر بێدەنگە و دوای تەواوبوونی مەودای حەوش، دەنگی کرانەوەی قفڵێک و جیرە جیرِی لاولاوان، دێتە ناو گوێم و دەنگێکی بۆڕی بەهێز پێم دەڵێت:
برۆ ئازادیت!
پاڵی دامە دەرێ و دەرگەی قەپات کرد.
لە بیستنی وشەی ئازادیی، نێوکم کەوت، سەرم سووڕا و گێژ گێژ بووم و خەریکە میز بە خۆم دابکەم! هەم هێندێک خۆشحاڵم و زۆریش خەمگین، هەرای دەکەم: کاکە بۆ ئازادم؟
ـ باقی سزات ئازادییە لەو ڕێکەوتەڕا!
گیزەگیزی کزەبایەکی گەرم، کە لە ڕوومەتانم دەدا، بیری ساراکەی پشت دیوار و دەنگەکەی ناو سەرم (تامی مردن خۆشە!؟ تامی مردن خۆشە!؟ تامی مردن خۆشە!؟ تامی مردن خۆشە!؟) هەمووی گیانمی خستووەتە لەرزین، بڵێی دوای کردنەوەی چاوبەست لە چاوان و گوریس لە دەستانم، سارایەک ببینم، کە هیچی تێدا نییە؟ بڵێی ئاژەڵی دڕندەی لێبێ؟ بڵێی کانی لێبێ؟ بڵێی شەوانەی چەندە سارد بێ؟ بڵێی ئاوەدانیی لێبێ؟ بڵێی ئاوەدانییەکانی نفووسی زۆر بێ؟ بڵێی گووناهی خۆبەخۆ لێیاندا لێپرسینەوەی هەبێ؟ بڵێی مەودای چەند بێ؟ بڵێی گۆڕستان لەسەر ڕێگەم بێ؟ بڵێی جنۆکە و ڕووحاناتی لێبێ؟ چۆن بێ ئاو، کاتی چوونە سەرئاو خۆ بشۆمەوە؟ چۆنR-f: نانی پەیدا کەم؟ دەمهەوێ بگەڕێمەوە بۆلای دەرگە و هەر ئاوا بە چاو و دەستبەستراویی و بە پشتەوە یەکبەخۆ وەبەر مستانی بگرم و هاوار بکەم: تۆ ئەو خودایەی دەیپەرستن، دەرگەم لێبکەنەوە با شەوێکی دیش هەوای پێش پەنجەرە هەڵبمیسم، تازە خەوی بەیانییم خۆش بووبوو بەهۆی پەردەکەوە. !